

# تەڵالی کوڕی ئەدیبە



# تەڵاڵی کوڕی ئەدیبە

tag.global
tag-multimedia@tag.global

**The Hashemite Kingdom of Jordan**

**The Deposit Number at The National Library**

**(303/1/2022)**

**813.9282**

Younis, Areej Omar
Talal Ibn Adibeh in Kurdish Language / Areej Omar
Younis; Translated by Ahmed Chalak Shakir. - Abu-Ghazaleh
Translation, Distribution and Publishing 2022
governmental entity

Number of pages 40
Deposit No.: 2022/1/303
Descriptors: /Arabic Fiction/Children Literature/ Translated
Literature/ Kurdish Language/

يتحمل المؤلف كامل المسؤولية القانونية عن محتوى مصنفه ولا يعبّر هذا
المصنف عن رأي دائرة المكتبة الوطنية أو أي حكومية أخرى

**ISBN (978-9957-559-70-0)**
**ISBN E-BOOK (978-9957-559-71-7)**

ترجمة وتحرير:

أحمد جالاك شاكر
العراق - كركوك

## بۆ ئێوەی خۆشەویست:

منداڵــی قۆناغێکــی جــوان و خۆشــە، ڕەنگــە زۆربــەی بــە یــاری و ســوعبەت بەســەربەرین، بــەڵام قۆناغێکــی بەنرخــە کــە دووبــارە نابێتــەوە، کــە تیایــدا نەخشــەی خەونەکانمــان بــۆ ئاینــدە دادەڕێژیــن و بەدەســتی خۆمــان هەڵیــدە بژێریــن، یــان ووزەکانمــان بــۆ ئــەوە تەرخــان دەکەیــن تــا ڕۆژێــك بگەینــە ئــەوەی کــە خەونمــان پێــوە بینیــوە، یــان تەمەڵــی دەکەیــن و تەنهــا خۆزگەمــان دەبێــت بــێ کــردار، بەمــەش لــە کەشــتی ســەرکەوتندا جێگەیەکمــان دەســت ناکەوێــت تــا لەگــەڵ کەســانی هەوڵــدەری تــردا بمانخاتــە ســەر زەمینــی شــکۆ.

## خۆشەویستانم:

لــەم چیرۆکــەدا وانەیــەك لــە بەرەنــگاری و نموونەیــەك لــە ســەرکەوتن ســەرەڕای ســەختی و ناخۆشــیەکان پێشکەشــی ئێــوە دەکــەم، ئەمــە چیرۆکێکــە بــۆ هــەر منداڵێــك لــە تەمەنــی ئێــوەدا، کــە ئێســتا چیتــر منــداڵ نییــە، بەڵکــو بۆتــە ئەفســانەیەك، ئــەو منداڵــەی کــە ئەوەنــدەی ناخۆشــی چەشــتووە کــە بەخەیاڵــی کەســاندا نایــەت، بــەڵام بەرەنــگاری ناخۆشــیەکانی بۆتــەوە و چۆکــی دانــەداوە، لــە ســەختی ژیانــی ئایندەیەکــی پرشــنگ داری بــۆ خــۆی و خێزانەکــەی و وڵاتەکــەی و نەتەوەکــەی دروســت کــردوە و لــە نــاو خەڵکــدا بۆتــە کەســێکی عەرەبــی گــەورە لــە بــواری بلیمەتــی و داهێنــان و ســەرکردایەتی و ســەرکەوتندا، ناوێــك لەنــاو گرنگتریــن کــۆڕە هــزری و کۆمەڵایەتــی و مرۆڤایەتیەکانــدا دەنــگ دەداتــەوە.

وەرن لەگەڵــم بــا چیرۆکــی منداڵێکتــان بــۆ بگێڕمــەوە کــە نــاوی ( تەڵولــە)... تــا فێــری ئــەوە ببیــن چــۆن لــە ناخۆشــی شــکۆ دروســت بکەیــن.

ئەریج یونس
ترجمة وتحرير
د. أحمد جالاك شاكر

# دۆزینەوەی گەنجینە

**" ئەو گوڵەی کە ڕوودەکاتە خۆر تەنانەت لە ڕۆژی هەوریشدا هەر وادەکات"**

**ڕۆبەرت لینگتۆن**

(( تـەڵاڵ.. تـەڵاڵ... تـەڵاڵ))، گوێـم لـە دەنگـی باوکـم بـوو بانگـی دەکـردم، منیـش کـە لەسـەر بەرزتریـن لقـی دار پرتەقاڵەکـە وەسـتا بـووم وەڵامـم دایـەوە: «بابـە مـن لێـرەم»، بـە نیگەرانیـەوە لێـی پرسـیم: «چـی دەکەیـت لەسـەر ئـەو درەختـە بـەرزە؟»، منیـش بەخۆشـیەوە وەڵامـم دایـەوە: « دەمەوێـت ئـەو پرتەقاڵـەت بـۆ لێبکەمـەوە»، بـە دەسـتم ئامـاژەم بـۆ پرتەقاڵێـك كـرد کـە بـە زەحمـەت لێدەکرایـەوە، ڕووبـەڕووی هەتـاو وەسـتا بـوو و ڕەنگـە جوانەکـەی دەدرەوشـایەوە.

«بـە هێواشـی وەرە خـوارەوە» باوکـم داوای لێکـردم و منیـش پرتەقاڵەکـەم لێکـردەوە و خسـتمە گیرفانـی کراسـەکەمەوە و بـە هێواشـی هاتمـە خـوارەوە.

باوکـم بـە دەسـتە بەهێزەکانـی دایگرتـم، پاشـان لەسـەر ئەژنۆکانـی دانیشـت و ڕووی تێکـردم، بەنەرمـی شـانی گرتـم و بـە خۆشەویسـتیەوە ووتـی «دایکـت دەربـارەی تـۆ نیگـەران بـوو» منیـش ڕاسـتەوخۆ تەماشـای چـاوە بریسـکەدارەکانیم کـرد، هـەر لـەم دانیشـتنە سـەربازیە ڕێکەیـدا ووتـی «بـا بڕۆینـەوە بـۆ ماڵـەوە».

کاغەزێکـی بەدەسـتەوە بـوو کـە بـە جوانـی قـەد کرابـوو، منیـش خۆهەڵقورتـان گرتمـی و پێـم گـووت «ئـەو کاغـەزە چیـە بابـە» «ئەویـش بـە زەردەخەنـەوە کاغەزەکـەی کـردەوە و ووتـی»

لەبەر ئەوە حەزم لە خۆهەڵقورتانتە بۆ زانینی زانیاری،کاغەزەکەت پیشان دەدەم»، پاشان کاغەزەکەی دایە دەستم.

کاغەزەکە ئاسایی نەبوو، بەجوانی قەد کرابوو، منیش کردمەوە و تەماشام کرد و بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر شوێنەکەدا، بینیم ناوی منی لەسەر نووسرابوو ( تەلاڵ تۆفیق ئەبو غەزالە، هەروەها شوێن و بەرواری لەدایکبوونیشم (شاری یافا، بیست و دووی مانگی نیسانی ساڵی هەزار و نۆسەد و سی و هەشت)، هەروەها وێنەی چەند هێڵێکی درێژ و پێچاو پێچ لەسەر کاغەزەکە کێشرا بوو.

من لە هەموو ئەوەی کە لە کاغەزەکەدا بوو تێنەگەیشتم بۆیە لە باوکم پرسی « ئایا ئەمە نەخشەی گەنجینەکەیە؟» پێکەنی و بە متمانەوە ووتی « ئەوەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان»



منیش داوام لێکرد کە پێم بڵێت مەبەستی چییە لەم قسەیە، ئەویش ڕوویکردە ئاسۆ و لێی ڕاما، پاشان بە دەنگێک کە لە ناخیەوە دەرچوو ووتی « ئەوە تاپۆی خاوەنداری تۆیە، پارچە زەویەکە کەبە ناوی تۆوە تۆمارم کردووە لە تەمەنی چوار ساڵیدا واتە شەش ساڵ بەر لە ئێستا».

منیش بە سەرسامیەوە ووتم «وایە بیرم کەوتەوە تۆ پێشتر پیشانت داوم، بەڵام من ئەو کاتە نەمدەزانی بیخوێنمەوە».

باوکم بەزەردەخەنە و خۆشەویستیەوە ووتی «ئای چەندە شانازی بە زیرەکی تۆوە دەکەم تەلاڵ»، پاشان بە خۆشەویستیەوە ووتی «کۆپیەکم لەبەر گرتۆتەوە بۆ تۆ تەلاڵ، تا خۆت هەڵی بگریت، کوڕم تۆ ئەمڕۆ پیاویت».

ئەم ووشانەی باوکم متمانە و دڵنیایی پێبەخشیم و ئەو کاتە درکم بە مەبەستەکەی کرد، زەویش گەنجینەیە، بەڵکو بەنرخترین گەنجینەیە.

باوکم بە سوعبەتەوە ووتی « دواکەوتین خێرا با بچینەوە بۆ لای دایکت دەنا لێمان توڕە دەبێت».

منیش ئاماژەم بە گیرفانم دا کرد کە پرتەقاڵەکەی تێدا بوو و هەڵئاوسا بوو ووتم « ئەم پرتەقاڵەی بە دیاری دەدەمێ ئەویش دڵخۆش دەبێت».

باوکم قاقایەکی لێدا کە لەو دەشتەدا دەنگی دایەوە.

منیش بە هێمنی و شانازیەوە لە لای باوکمەوە ڕۆیشتم، بە دەستێکم دەستە پتەوەکەی باوکم گرتبوو و بە دەستەکەی ترم گەنجینەکەمم هەڵگرتبوو.

# (یافا) ئەستێرەیەکی پرشنگ دار

**"لە دڵم دا نەیان کوشتوی، دەمەوێت دووبارە لە خۆوە بوونم دروست بکەیتەوە، ئەی ڕوخسارە دوورەکە"**

**مەحمود دەروێش**

هاویـــن بـــەلای منـــەوە خۆشـــترین کاتـــەکان بـــوو، چونکـــە ئاســـمانی شـــارەکەم (یافـــا) لـــە شـــەودا بـــە مانـــگ و هـــەزاران ئەســـتێرەی دوور دەدرەوشـــایەوە، تەنانـــەت دانیشـــتنی شـــەوانەی خێزانەکەشـــمان لەســـەربان نەبوایـــە خـــۆش نـــە ئەبـــوو. مـــن حـــەزم لـــە دیمەنـــی ئەســـتێرە و کشـــانی ئەســـتێرە بـــوو، کـــە بـــە هێمنـــی دەکەوتـــن و بـــۆ ماوەیـــەك دەدرەوشـــانەوە بـــەر لـــەوەی بکوژێنـــەوە، باوکـــم کـــە دەیبینـــی مـــن لـــە ئاســـمان ڕادەمێنـــم دەیگـــووت «تـــەلال تـــۆ منداڵـــی خۆمـــم بیـــر دێنیتـــەوە»، دایکیشـــم بـــە دەنگێکـــی بەســـۆزەوە دەیگـــووت «ئیشـــەلا تەڵولیـــش هـــەر وەك تـــۆ دەبێـــت کـــە گـــەورە بـــوو».

باوکیشـــم بـــە خۆشەویســـتیەوە وەڵامـــی دایـــەوە «ئەدیبەخـــان کوڕەکـــەت دەبێتـــە ئەدیبێـــك لـــە ڕەوشـــت و کار و ژیانـــدا».

دایکـــم بـــە قســـە ناســـکەکانی باوکـــم پێدەکەنـــی، هەردووکیـــان بێدەنـــگ دەبـــن، منیـــش بـــە بایەخـــەوە دەپرســـم: «بابـــە تـــۆش ئاســـمانت خـــۆش دەویســـت؟» ئەویـــش بـــە دەنگێکـــی پـــڕ لـــە متمانـــەوە دەڵێـــت «بەڵـــێ تـــا ئێســـتاش هـــەر خۆشـــم دەوێـــت، ئـــەو نیـــگا بەخشـــە».

دایکیشم بە شانازیەوە دەڵێت «تەڵول باوکت هەمیشە بەرز دەیڕوانی، لە هەر پڕۆژەیەك لە پڕۆژە بازرگانیە زۆرەکانیدا نموونەی بازرگانی زیرەك و مرۆڤی خانەدان بووە، بۆیە ناوبانگی لە ناو خەڵکدا باشە».

باوکم بێ فیزانە بێدەنگ دەبێت، منیش لە شوێنی خۆم هەڵدەستم و باوەشی پیادا دەکەم و بەشانازیەوە ماچی دەکەم.

لە کارەکانیدا هێز و ئارامگرتن و ڕاستخوازی بێ وێنەم دەبینی، لە چاوەکانیشیدا چاکیەك و خۆشەویستیەکی بێ سنوورم بەدی دەکرد، کاتێك دانیشتنە خێزانیەکانی شەوانەمان کۆتایی دەهات، حەزم دەکرد کە لەسەربان بخەوم و ڕوخسارم بەرەو ئاسمان بێت و لە جێگەکەمدا ڕاکشێم، بەر لەوەش ئەستێرەی خەونەکەمم لێدەکردەوە و لە دڵم دا دەمشاردەوە.



بەیانیان بە دەنگی باوکم خەبەرم دەبویەوە کە دەیووت « کاك هەمشەری» ئەم ووشە تورکیەی دەووت کە واتە (سەربازەکان هەستن) بۆیە بواری سەرپێچی نەبوو هەوڵمدەدا کە قەناعەتی پێبکەم کە هێشتا زووە، بەڵام ئەو باوەڕی بەوە زۆر بوو کە خودا ڕزقی خۆی لە بەیانیاندا بەسەر بەندەکانیدا دابەش دەکات!

ژیان تا ئەو ئێوارەیە بە خۆشی و ئارامی ڕۆیشت، ئێمە وەك نەریتی خۆمان شەوان لە سەربان دادەنیشتین، لە پڕێکدا دەنگی بانگەواز بەرز بۆوە کە داوای لە هەموان دەکرد کە لە ماڵەکانیان بچنە دەرەوە چونکە کردەی سەربازی بۆ سەلامەتی ئەوان ئەنجام دەدرێت.

ئێمەش بەپەلە چوینە دەرەوە و ئەم فێڵەمان بەسەردا تێپەڕی، وەك دواتر بۆمان دەرکەوت ئەم بانگەوازانە فێڵێك بوون لە دوژمنە زایۆنیستەکان بە ئامانجی چۆڵکردنی ماڵی فەڵەستینیەکان و ڕاگواستنیان لە زەویەکانیان.

دایکم بوخچەیەکی بچووکی هەڵگرتبوو کە شتی پێویستی تێدا بوو، باوکیشم هەندێك کاغەز و دەفتەرو ئامرازی سووکی پێبوو، منیش گەنجینەکەمم هەڵگرتبوو، بەڵگەی ئەو زەویەی کە باوکم پێیدابووم.

ناچارکراین کە دەربچین و هەموو خۆشیەکانمان لە دوای خۆمان بەجێهیشت و تەنها خەمی دابڕانی یافامان بۆمایەوە، ئەو خاکەی کە بە رهە می پرتەقاڵەکانی و دیمەنی سەوزایی و ساماڵی ئاسمانەکەی پڕ کردبووین.


یافا بەقەد ئەستێرەیەك لێمان دوورکەوتەوە، بەڵام وەك دڵمان لێمان نزیك بوو.

لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکدا ڕۆیشتین تا سەرکەوتینە سەر پاپۆڕێکی کەل وپەل، بە

نیگەرانیەوە لە باوکمم پرسی « ئەم پاپۆڕە بۆکوێمان دەبات؟ ئەمە پاپۆڕی کەل وپەل نییە؟ چۆن ئێمەی سەرنشین دەگوازێتەوە؟»، باوکم کە بەتوندی دەستمی گرتبوو بەجۆرێك کە پێشتر نەم دی بوو وە لە دەنگی دا غەمبارییەك هەبوو کە هەوڵی دەدا بیشارێتەوە ووتی « نیگەران مەبە کوڕم، بێگومان دەمانباتە شوێنێك».

تەماشایەکی دایکمم کرد تا ترس لە دڵم بڕەوێتەوە، ئەویش ووتی «تەڵول مەترسە ئێمە لەگەڵتین» لەگەڵ ئاپۆرای خەڵکەکەدا سەرکەوتینە سەر پاپۆڕەکە، بەر لەوەی کە دەربچین بۆ دواجار تەماشای یافام کرد، دایکیشم لێم نزیك بوەوە و فرمێسکەکانمی سڕی و جەختی لەوە کرد «کە بە زووترین کات دەگەڕێینەوە و دڵتەنگ مەبە».

ووشەکانی دایکم هەمیشە سەرچاوەی دڵنیایی بوون بۆ من، بەڵام لەو ڕۆژەدا هەستم بە دڵنیایی نەکرد، شتێك لە ناخم دا دەیگووت کە بینینەوەی یافا درێژە دەکێشێت.



# گەیشتن بۆ ((غازیە))

## ”ئەو ئاراستەیەی کە لەگەڵ فێربووندا دەستپێدەکات دەشێت کە ژیانی مرۆڤ لە ئایندەدا دیاری بکات“

**ئەفلاتوون**

پاپۆڕەکە لە لوبنان وەستا، بە دەستێکی ماندووەوە دەستم بە دایکمەوە گرتبوو، هەستێکی وا لە ناخم دا گەورە دەبوو کە دەیووت ئێمە دەچینە قۆناغێکی نوێ وە کە پێویستی بە ئارامیەکی زۆر هەیە.

دواتر گواسترایینەوە بۆ گوندی (غازیە) لە باشوری لوبنان، باوکم لەوێ هاوڕێیەکی هەبوو کە لەبازرگانیەوە ناسیبوی ئەویش موختاری گوندەکە (حاجی رەزا خەلیفە) بوو، کە لە ماڵەکەی خۆیدا میوانداری کردین و نەیهێشت کە لەو خێمەیەدا نیشتەجێ ببین کە بۆ پەنابەرە فەڵەستینیەکان تەرخانکرا بوو.

حاجی رەزا نموونەی بەخشندەیی و ڕەوشتی باش بوو، هەرکاتێك دەچوومە دوکانی ناو گوندەکە خاوەنەکەی بە نەرمیەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردم و دەیووت « حاجی ڕەزا ڕایسپاردوین کە لەگەڵ تۆ و خێزانەکەتدا باش بین».

ئەو کاتە بەڕاستی هەستم بە ووشەی (پەنابەر) نەدەکرد، چونکە دایك و باوکم هەمیشە دەیانگووت کە دەگەڕێینەوە بۆ یافا، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گەڕانەوە وەکو خەونێکی لێهات کە بەخەیاڵماندا دەهات و نەماندەتوانی بیهێنینە دی، هەروەك چۆن پەنابەری بوو بە ڕاستی یەك کە دەبێت قبوڵی بکەین تا بتوانین بیگۆڕین.




بارودۆخـی ژیانمـان زۆر گـۆڕا، ڕوانینـی بەختـەوەری و زەردەخەنـە لەسـەر ڕوخسـاری دایـك و باوکـم نەمـا، بـەڵام مـن بڕیـارم دا کـە تروسـکایی هیـوا و خۆشـی سـەرکەوتنیان بـۆ بگەڕێنمـەوە.

ڕۆژێکیان...
لـە نزیـك دایکمـەوە دانیشـتم کـە خەریکـی نیسـك بـژاردن بـوو، پێـم ووت « دەزانـم کـە دڵ تەنگیـت دایـە»، ئەویـش بـە ناخۆشـیەوە دەیـووت «هەمووومـان وایـن تەڵـول، ئەگـەر نیشـتیمان لـە دەسـت بدەیـت وەك ئـەوە وایـە کـە بەنرختریـن شـتی خـۆت لەدەسـت بدەیـت».

منیـش هەوڵـم دا خەمـی کـەم بکەمـەوە و ووتـم «چـی بـۆ تـۆ و باوکـم بکـەم، تاوەکـو بتوانـم مـاف و خـاك و نیشـتیمانم بگەڕێنمـەوە؟ چـۆن ڕووبـەڕووی دوژمنەکـەم ببمـەوە تاوەکـو بزانـم خۆشـی و سـەرکەوتنتان بـۆ بگەڕێنمـەوە؟»

دایکم سینیە نیسکەکەی دانا و بە توونـدی گرتمی و ڕاستەوخۆ سەیری چاوەکانی کردم و ووتی «زانست، بەڵێ زانست کوڕم باشترین ڕێگەیە کە بگیرێتە بەر تاوەکو خۆت دروست بکەیت و نەتەوەکەت پێش بخەیت».

ئەم ووشانەی دایکم زۆر کاریان تێکردم، منیش پێم ووت «ژیانم بۆ وەرگرتنی زانست و کارپێکردنی تەرخان دەکەم» بۆ ئەمەش بەر لەوەی بەڵێن بەو بدەم بەڵێنم بە خۆم دا.



# یەکەمین قوتابخانەم

**"ناتوانیت شتێك ببەخشیت بێ خۆشەویستی و ناشتوانیت خۆشەویستی بێ لێبوردەیی بکەیت»**

**ئیبراهیم فەقێ**

لەو ساتەوە کاتی خۆم بەڕێکی و بە بایەخەوە بۆ خوێندن لە وانەکانم دا تەرخان کرد و چوومە قوتابخانەی((پرۆتستانتی ئەمریکی)) لە (سەیدا)، کە ماوەیەکی باش لە (غازیە) وە دوور بوو، ئەمەش ناچاری دەکردم کە بە پێ بڕۆمە ئەوێ و بێمەوە بارودۆخ و کەش و هەواش هەرچۆنێك بێت. هەرکاتێکیش نمرەی بەرزم وەربگرتایە، کارتەکەم بەباشی دەشاردەوە تا پیشانی دایکم و باوکمی بدەم، ئەو کاتەش بریسکەی خۆشیم لە چاوەکانیاندا بەدی دەکرد، چەندە شادمان بووم کە باوکم دەهات بۆ سەردانم لە قوتابخانە و لەوێش مامۆستاکان ستایشی ڕەفتار و زیرەکی و خۆشەویستی من بۆ زانستیان دەکرد، چونکە من باوەڕم وابوو کە هەموو ئەوەی دەیکەم نوێنەرایەتی خێزانەکەم دەکات و لە یافا و فەلەستین نزیکم دەکاتەوە، کە هەمیشە لە دڵ و بەرچاومدا بوون.

زوو لەوە تێگەیشتم کە دەبێت خۆشەویستی و ڕێزی کەس و کارم بەدەست بێنم لەگەڵ متمانەی کەسانی دەوروبەرم، من متمانەم بەخۆم هەبوو سەرەڕای کەمی ئەو شتانەی کە هەمبوو بەبەراورد لەگەڵ هاوپۆلەکانم، لە وەرزی زستاندا دایکم پاڵتۆیەکی خوری لەو بەتانیانەی بۆ دووریم کە لە ماڵەوە بۆ خۆ داپۆشین بەکاردەهێنرا، منیش ئەو

پاڵتۆیـەم بـە شـانازیەوە لەبـەر دەكـرد نـەك بـە شـەرمەوە، پێـش دەرچوونـم لـە مـاڵ پاڵتۆكـەم لەبـەر دەكـرد تـا خـۆم لـە سـەرما بپارێـزم، باوكـم بـە توونـدی شـانی دەگرتـم و بـە شـانازیەوە دەیـووت «تـەلاڵ مـن ئاینـدە لـە چاوەكانتـا دەبینـم، تـۆ دەبیتـە پیاوێكـی سـەركردە و دانـا وپێگەیەكـی گـەورەت لـە ژیانـدا دەبێـت، دەزانـی بـۆ؟».

منیـش بێدەنـگ دەبـووم و تەماشـام دەكـرد ئەویـش دەیـووت «چونكـە تـۆ كـوڕی فەڵەسـتینی كـە بـەردەوام كەسـی مەزنـی دروسـت كـردووە».

منیـش ووشـەكانی باوكـم وەردەگـرت و بـەردەوام لەبـەر خۆمـەوە دەمووتـەوە بـە درێژایـی ئـەو ڕێگەیـەی كـە بـە پـێ دەم بـڕی. بـە دەسـتێكم ئـەو نـان و پارچـە پەنیـرەم هەڵدەگـرت



کە دایکم بۆی ئامادە دەکردم تاوەکو بەرگەی ماندویتی بگرم بە درێژایی ڕۆژ و بە دەستەکەی ترم کتێبەکانم هەڵدەگرت، ئەو خەونەم کەیارمەتی دەدام بۆ بەردەوام بوون لە کاروانەکەدا تا بەدیهێنانی سەرکەوتن.

بیرمە لە ڕۆژێکی باراندا کە گەیشتمە ناو پۆل ئاوم لێدەچۆڕا، بۆیە قوتابیەکان پێم پێکەنین، بەڵام من بەمە غەمبار نەبووم و بزە خەنەیەکم بۆ کردن،لەم کاتەدا محەمەدی هاوڕێم بە ڕوویاندا وەستا و ووتی « ئەوەی کە پێی پێدەکەنن زیاتر لە دوو سەعات بە پێ دەڕوات، کامتان بەرگەی ئەوە دەگرێت با گاڵتەی پێ بکات، ئەگەر نا با هەمووتان وەك ڕێزێك بۆ ئەو بێدەنگ بن».

هەموو قوتابیەکان بێدەنگ بوون و لە ناکاوە هەموویان وەستان و چەپڵەیان بۆ لێدام.

لە کاتی پشوودا سوپاسی محەمەدم کرد بۆ ئەم هەڵوێستەی کە بەڵگەی برایەتی و هاوڕێیەتیەکی ڕاستەقینەیە، ئەویش کاتێك لەسەر عەرزەکە دانیشتبووین و ئەو خواردنە مان دەخوارد کە پێمان بوو ووتی «ئەوەی کردومە شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەوەی تۆ دەیکەیت نا ئاساییە».

لە محەمەدەوە فێربووم کە ژیان بێ بەشداریکردن لە خواردن و یاری و هاوڕێیەتی خۆش نییە، منی موسوڵمانیش لەو قوتابخانە مەسیحیەدا فێری ئەوە بووم،کە چەندە گرنگە کە هەمووان یەکتریان خۆش بوویت بەدەر لە ئاینیان، چونکە ئاین لە بنچینەدا خۆشەویستیە.



# قوتابخانەی دواناوەندی

## "ویستی باش ماوەکە کورت دەکاتەوە"

**پەندێکی بەرازیلی**

دوای ئـەوەی قۆناغـی سـەرەتاییم تـەواو کـرد، خەونـی گـەورەم ئـەوە بـوو کـە بچمـە قوتابخانـەی (دواناوەنــدی مەقاســیدی ئیســلامی) و کــە پێویســتی بــە دانــی پارەیەکــی زۆر بــوو، کــە مــن یــەك فلســیم نەبــوو.

لـە دانیشـتنێکی خێزانـی هێمـن دا، خەونەکەمـم بـە دایکـم ووت، مـن دەمزانـی کـە خێزانەکـەم ئـەو پارەیـەی نییـە، بـەڵام پێویسـتیم بـە کەسـانێك هەبـوو کـە پشـتگیریم بکـەن و وا بکـەن کــە پشــکۆی خەونەکــەم بــە گەشــاوەیی بمێنێتــەوە، تەماشــای ڕوخســاری دایکمــم دەکــرد کـە خەیاڵـی ڕۆشـتبوو بیـری لـە دابینکردنـی پـارە ی بـۆ مـن دەکـردەوە، کـە ئەمـە ئـەو کاتـە کێشـە بـوو، ئـەو غەمباریـەم بیرناچێتـەوە کـە بەهـۆی ئەمـەوە ڕوخسـاری داگرتبـوو، بۆیـە لێـی نزیــك بوومــەوە و بەتــکاوە پێــم ووت» مــن تەنهــا نــزای تــۆم دەوێــت» و ئــەو فرمێســکەیم ســڕی کــە بــە لاچاویــا هاتبــوە خــوارەوە، ئەویــش دەســتەکانی بەرزکــردەوە بــۆ ئاســمان و ووتــی « خــودا ســەرکەوتووت بــکات، ڕێگــە لــە بەردەمتــا والاّ بــکات».

ئـەو ئێوارەیـە چـاوم نەچـووە خـەو، هەروەهـا دایـك و باوکیشـم نەخەوتـن، گوێـم لـە نوێـژ و پاڕانەوەیــان بــوو، باوکــم بــە دایکمــی دەووت «ئەدیبــە نــزای بــۆ بکــە» ئەویــش دەیــووت «تــۆش تۆفیــق».

بەیانــی هەســتام چوومــە قوتابخانەکــە، دوای ئــەوەی خواحافیزیــم لــە دایــك و باوکــم کــرد کــە دەســتەکانی گووشــیم و ووتــی «تــەڵال ئــەوەی بــڕوای بــەوە هەبێــت کــە دەیەوێــت، هیــچ شــتێك لــە ڕێگــەی بەدیهێنانیــدا ناوەســتێت».



لەڕێگەی چوونم بۆ قوتابخانە چەندین شێوەی گفتوگۆ و سیناریۆ بە مێشکم دا دەهات کە لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە بەڕێز (محەمەد سەلام) ) ئەنجامی بدەم، تاوەکو قەناعەتی پێبکەم لە قوتابخانەکە وەرم بگرێت، سەرەڕای باری سەختی داراییم، گەیشتمە بەر دەرگای نووسینگەکەی، خۆم ڕێك كرد و هەناسەیەکی قوڵم هەڵمژی، بەر لەوەی لە دەرگا بدەم و ڕێگەم بدات بچمە ژوورەوە، بەهێمنی دانیشتم، ئەویش ووتی « فەرموو کوڕم تۆ داوای چاوپێکەوتنت لەگەڵ من کردبوو بۆ کارێکی گرنگ، فەرموو چییە؟»

منیش بە متمانەوە ووتم: «دەمەوێت لەم قوتابخانەیەدا بخوێنم، بەڵام پارەی پێویستم نییە». بەڕێوەبەر ئانیشکی لەسەر مێزەکە دانا و ووتی «تۆ یاساکان دەزانیت؟»

منیش لێی نزیك بوومەوە و بە ڕاستخوازییەوە ووتم «هاتووم داوای بەخشینێکی خۆڕایی خوێندنتان لێ بکەم لە بەرامبەر ئەوەدا کە باش بخوێنم و پلەی یەکەم بەدەست بێنم لە زانستدا، ئەگەر ئەوەم بەدەست هێنا لە قوتابخانە بەردەوام دەبم، ئەگەر نا ئەوا پارەکەتان بە قیست دەدەمێ».

بەڕێوەبەر خۆی قنج کردەوە و بە بایەخەوە ووتی «تۆ توانای ئەم بەرەنگاریەت هەیە؟»

منیش بە متمانەی باوەڕداری دڵنیاوە ووتم «بەڵێ بە پشتیوانی خودا» ئەویش بەر لەوەی نووسینگەکەی بەجێبهێڵێت تەوقەی لەگەڵ کردم و ووتی «بەخێربێیت بۆ قوتابخانەکەت»

زۆر بەمە دڵم خۆش بوو چونکە دەمزانی کە خێزانەکەشم بەم هەواڵە دڵخۆش دەبن، ئەمە یەکەمین هەنگاوی گەورەیە لەسەر پەیژەی بەرەنگاری بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن، منیش لە سەرکەوتندا کەم تەرخەمی ناکەم.

# شارەزایی پاڵپشتی زانست دەکات

**"ئەگەر دەتەوێت لە ژیاندا سەرکەوتوو بیت، ئەوا سووربوون بکەرە هاوڕێی نزیکت و ئەزموون بکەرە ڕاوێژکاری دانایت و سڵەمینەوە بکەرە برا گەورەت و هیوا بکەرە بلیمەتی پارێزەرت"**

**جۆزێف ئەدیسۆن**

بە باشی دەستم بە خوێندن کرد، بۆ ئەوەی شایەنی بەرەنگاری بم، بۆیە نەك تەنها بەرزترین نمرەم بەدەست هێنا، بەڵکو لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و خوێندنەوەشیدا سەرکەوتوو بووم، خەڵاتێکم وەرگرت کە وەك هیچ خەڵاتێکی تر نەبوو.

کاتێك زانیم کە لە پێشبڕکێدا یەکەم بووم، هاوڕێکانم لەدەورم کۆبوونەوە و پیرۆزباییان لێکردم، وا تەماشایان دەکردم وەك ئەوەی ئەستێرەیەکی درەوشاوەیان لە ئاسمان بینیبێت، منیش زۆر بەمە خۆشحاڵ بووم.

خەڵاتەکەم وەرگرت کە بریتی بوو لە بڕوانامەیەکی ڕێزلێنان، لەگەڵ کات ژمێرێکی دەستی کە بۆ یەکەمین جار بوو شتی وام دەست کەوێت، هەستێکی سەیرم هەبوو، پەیژەیەکی بەرزم بینی، کە سوپاس بۆ خودا توانیم بە پلەی یەکەم سەربکەوم.
هاوکات لەگەڵ خوێندنیشدا کارم دەکرد تاوەکو هاوکاری کەسوکارم بکەم لە دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیاندا، یەکەمین کارم فرۆشتنی ساردەمەنی بوو تەپەدۆرێك چلورەم بە کۆڵەوە بوو دەسوڕامەوە و هاوارم دەکرد ( وەرە بۆ چلورە)، ئەمەم دووبارە دەکردەوە تا دوا چلورەم دەفرۆشت.

لە ڕۆژێکی گەرمی هاویندا، وەستا بووم و هاوارم دەکرد چلورە، منداڵان لێم کۆبوونەوە، لە دوورەوە منداڵێکم بینی کە دانیشتبوو و تەماشای ئەوانی تری دەکرد، دوای ئەوەی کە منداڵەکانی تر ڕۆیشتن بە چلورەکانیانەوە، بانگم کرد و کاتێك لێم نزیك بوویەوە چلورەیەکم دایە، بەڵام ڕەتی کردەوە کە وەریبگرێت،لێم پرسی «حەزت لە چلورە نییە؟» ووتی «با بەڵام پارەکەییم پێ نییە» منیش بە زەردەخەنەوە پێم ووت «ئەوە لەسەر ئەستۆی خۆمە و بەهای هاوڕێیەتیە ئەگەر حەز دەکەیت ببینە هاوڕێ» دەستی بۆ تەوقە درێژ کردوو ووتی «ناوم خالیدە» منیش خۆم پێناساند، شادیم لەسەر ڕوخسارە بچووکەکەی بەدی کرد، چلورەکەی وەرگرتو و سوپاسی کردم، هەر جارێك کە منی دەبینی لەگەڵ مندا هاواری دەکرد چلورە چلورە، تا منداڵان لێم کۆببنەوە و چلورەم لێبکڕن.



مـن هەمیشـە بـاوەڕم وابـوو کـە یارمەتیدانـی کەسـانی تـر ئەرکـی منـە ئەگـەر پارەیەکـی کەمیشـم هەبێـت، چونکـە ئـەم کەمـە بـۆ کەسـانی تـر زۆرە، ژیـان فێـری ئـەوەی کـردم کـە بەخشـین سـنوری نییـە و تـا زیاتـر ببەخشـیت خـودا زیاتـرت دەداتـێ.

پـاش ماوەیـەك کاری چلـورە فرۆشـتنم وازلێهێنـا، خالیـدم کـەم کـەم دەبینـی، بـەڵام هاوڕێیەتیمان بـەردەوام بـوو، ئەگـەر نەشـمبینیایە ئـەوا یادەوەریـی لـە بیرمـدا هـەر مابـوو.

یەکێـك لـە هاوڕێکانـم ئامـۆژگاری کـردم کـە پشـت بەتواناکانـم ببەسـتم لـە ژمێرکـردن بـۆ ئـەوەی وەك ژمێریارێـك کار بکـەم لـە بـازاڕی سـەوزە فرۆشـەکان، منیـش بەگوێـم کـرد و بەیانـی زوو هەڵسـام و چوومـە بـازاڕ و تێچـووی سـندووقە سـەوزەکانم ئەژمـارد لـە بازرگانـی کـۆوە بـۆ بازرگانـی تـاك، ئـەم کارەش تـا حەوتـی بەیانـی دەخایانـت، کاتێـك دەگەڕامـەوە بـۆ ماڵـەوە خـۆم دەشـۆرد و جلەکانـم دەگـۆڕی و دەچوومـە قوتابخانـە.

لەگـەڵ نزاکانـی دایکـم لـە بەیانیانـدا کـە دەیـوت «خـودا سـەرکەوتوت بـکات تەڵـول» دەچـووم بـۆ قوتابخانـە دوای ئـەوەی سـەر و دەسـتیم مـاچ دەکـرد.

هـەر کـە دەگەیشـتمە قوتابخانـە بیرکردنـەوەم لـە کارکـردن لـە مێشـکم دەردەهێنـا و توانـای خـۆم بـۆ وەرگرتنـی زانسـت تەرخـان دەکـرد، بایەخـم بـە هەمـوو ئـەو شـتانە دەدا کـە گوێـم لـێ دەبـوو یـان دەمبینـی یـان مامۆسـتا ئامـاژەی پێـدەدا و دەینوسـی، محەمـەدی هاوڕێـم بـە سـوعبەتەوە پێـی دەوتـم « تـۆ دەڵێیـت ڕاداریـت هەمـوو شـتێك وەردەگریـت و هیـچ لـە دەسـتت دەرناچێـت» منیـش پێـم دەووت «تـۆش ڕاداریـت، بـەڵام دەزانیـت جیـاوازی مـن و تـۆ چییـە؟». دەیووت چییە؟ منیش دەم ووت «تۆ ڕادارێکی شکاوی»

ئەویش لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا ڕایدەکرد و هەردووکمان بەم ڕاوڕاکێیە پێدەکەنین.

ڕۆژی مـن لـە قوتابخانـە وەك قوتابیەکانـی تـر تـەواو نەدەبـوو، چونکـە لەگـەڵ گەڕانـەوەم لـە قوتابخانـە دەچـووم وانـەی تایبەتیـم دەدا بـە قوتابیـەکان لـە ماڵـەوە لـە وانـەی ئینگلیزیـدا،

لـە ئەدەبـی شکسـپیردا، هـەر ئەمـەش وایکـرد کـە تواناکانـی خـۆم لـە بـواری وەرگێـران و لێکدانـەوەی دەقـەکان لـە ئینگلیزیـەوە بـۆ عەرەبـی پـەرە پـێ بـدەم.

بـەڵام دیارتریـن وێسـتگەکانی کارکردنـم لـە دوکانێکـی فرۆشـتنی قەوانـی مۆسـیقادا بـوو، لـەو ماوەیـەدا بـە جیهانـی مۆسـیقا ئاشـنا بـووم، ئـەوەی سـەیر بـوو کـە ئاشـقی مۆسـیقای کلاسـیك بـووم، لەگـەڵ سـیمفۆنیاکانی (بیتهۆڤـن) دا دەچوومـە جیهانـی جـوان و نامـۆ وە، مۆسـیقای



(مۆزارت)یش بە نەرمی خۆی دەخزاندە ناو گیان و ئەقڵەوە، سەرەتا گوێم لەمۆسیقا دەگرت تاوەکو کڕیارەکان ڕازی کەم بیکڕن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات لە خۆشەویستی مۆسیقاوە تێوەگلام و بووە بەشێك لە ژیانم کە نەمدەتوانی وازی لێ بهێنم.

بەڵام ئەم کارە زۆری نەخایاند، چونکە خاوەن دوکانەکە بڕیاریدا کە شوێنەکەم بداتە کوڕەکەی، وابزانم دەیویست ئەو پارە کەمەی کە وەك شاگردانە دەیدات بە من و خێزانەکەم زۆر بوو، هەروەها من حەزم لە مۆسیقا کرد و خۆزگەم دەخواست کە لەم کارەم بەردەوام بم تاوەکو بتوانم گوێی لێبگرم، چونکە توانای کڕین یان تەنانەت خواستی قەوانی مۆسیقاشم نەبوو.

شتە کانم کۆکردەوە و ڕۆیشتم، لە هەر هەنگاوێك کە لە دوکانەکە دوردەکەوتمەوە لە نائومێدی دوردەکەوتمەوە و سووربوونم زیاتر دەبوو بۆ دۆزینەوەی کارێکی تر کە بۆ بەردەوام بوون لە ڕێگاکە کۆکم بکات.

کارە زۆر و ماندوکەرەکانم بێزاریان نەکردم، بەڵکو شارەزایی پێبەخشیم بۆ بەردەوامبوون لەسەر ڕێگاکەم بەسەرکەوتوویی و ناخۆشیەکانم بکەمە خۆشی.

# هەگبەیەکی پڕ لە خۆشەویستی

## (( خێر لەوەدایە کە خودا هەڵیبژاردووە))

بەسەرکەوتووی قۆناغی دواناوەندیم تەواوکرد، بڕیارمدا کە ئەو بەرەنگارییەی کە تیایدا سەرکەوتم، دەبێت بەرەو بەرەنگاری گەورەترم ببات.

بۆیە دەستم کرد بە ناردنی داوا بۆ وەرگرتن لە چەندین زانکۆ، نامەیەکم لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت پێگەیشت کە جەختی لەوە دەکرد کە بەخشینێکی خوێندنی تەواوم لەوێ بەدەست هێناوە، کە تێچووی خوێندن و نیشتەجێ و کتێب و تەنانەت خواردنیش دەگرێتەوە، کە شایستەی ئەم بەخشینە بووم، چونکە من پلەی یەکەمم لە



تاقیکردنەوەکانی دواناوەندی وەرگرتبوو لەسەر ئاستی لوبنان. لە دڵەوە سوپاسی خوام کرد و فێری ئەوە بووم و زانیم کە سوپاس گوزاری بەخشین و هۆکارەکانی حەسانەوە زیاد دەکات.

دەستم بە خۆئامادەکردن کرد بۆ بڕینی تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە زانکۆ و تیایدا سەرکەوتوو بووم، ئەوەی لەمەشدا یارمەتی دام کورتی ماوەی دیاریکراو بوو بۆ خوێندنەکەم، سەرەتا نەمدەزانی لە چ بوارێکدا پسپۆڕی وەربگرم، دوو دەرفەتم لە بەردەم دا بوو:

پسپۆری لە زمانی ئینگلیزی لەکۆلێژی ئاداب، پسپۆڕی بازرگانی و کارگێڕی، دوای بیرکردنەوە بڕیارمدا کە بچمە کۆلێژی ئاداب و زمانی ئینگلیزی بخوێنم، بەڵام ئێمە شتێك دەخوازین و خوداش شتێکی ترمان بۆ هەڵدەبژێرێت.


کاتێك چووم بۆ خۆتۆمارکردن لەو پسپۆڕییەی کە هەڵم بژاردبوو دەرگای تۆمارکردن لەو بوارەدا داخرابوو، بۆیە تەنها بژاردەی دووهەمم لە بەردەم دا مایەوە کە کارگێڕی بوو، توشی پەشۆکان بووم و هەستم کرد کە ناتوانم بڕیار بدەم، بۆیە لەگەڵ (غاندی) هاوڕێم قسەم کرد کە زۆر متمانەم بە ڕای ئەو هەبوو.

غاندی ووتی «تۆ توانای زۆرت هەیە، کۆلێژی بازرگانی هەڵبژێرە و دڵنیام تیایدا سەرکەوتوو دەبیت».

نزاکەی باوکمم بیرکەوتەوە، کە هەوڵی دەدا ڕازیم بکات ئەو پسپۆڕیە بخوێنم و دەیووت «خودا ئەوەت بۆ ئاسان بکات کە خێرە». منیش ئەوەی ڕێو شوێنە پێویستەکان بوو تەواوم کرد ووتم « خێر لەوەدایە کە خودا هەڵیبژاردووە».

کۆمەڵگەی زانکۆ بوارێکی نوێ بوو لە ژیانمدا و تیایدا ژیانێکی پڕ لە چالاکیم بەسەر برد، هەوڵمدا ئەوەندەی بتوانم کات و توانای خۆم بەکار بهێنم بۆ ئەوەی لە هەر کارێکدا کە

پێم دەسپێردرێت دیار بم، وێنەی فەڵەستینی خۆشەویست بەردەوام لەبەرچاوم بوو، بۆیە کاتێک پێشبڕکێیەك بۆ کورتە چیرۆك ڕاگەیەندرا کە ئەنجومەنی باڵای چاودێری هونەر و ئەدەب لە میسر ڕێکی خستبوو، بەچیرۆکێك بەشداریم کرد بە ناوی ( زایەڵەی نەفرەتی) کە تیایدا باسم لە کارەساتی فەڵەستینی نیشتیمانم کردبوو و بابەتەکەی گفتوگۆیەك بوو لە نێوان کوڕێك و باوکێکدا، باوکەکە بۆچوونی وابوو کە فەڵەستین تازە لەدەست چووە و گەلەکەی ئاوارە بوون.



بەڵام کوڕەکەی لەو قەناعەتەدا بوو کە "ئیسرائیل" تەنها قۆناغێکی تێپەڕە لەسەر کەناری دەریا و شەپۆلێك دێت لای دەبات، ئەم چیرۆکەش بە پلەی یەکەم دەرچوو، خەلاتێکی پێنج سەد جونەیهی میسریم وەرگرت، کە ئەمە بۆ من بڕە پارەیەکی زۆر بوو، لەگەڵ بڕوانامەیەکی ڕێزلێنان کە ستایشی چیرۆکەکەی دەکرد.

پارەکە و بڕوانامەی ڕێزلێنانەکەم هەڵگرت و چوومەوە بۆ ماڵەوە، دڵم لە خۆشی سەرکەوتن سەمای دەکرد و بۆ دیداری خێزانەکەم لێی دەدا، حەزم دەکرد کە شەمەندەفەرەکە خێراتر بڕوات تاوەکو خۆشی لە چاوانی دایك و باوك و خوشك و براکانم ببینم.

هەندێك خۆشی تاوەکو بڕێك لەو ئازار و ساڵانی ناخۆشی پێ بسڕمەوە.

من هەمیشە وابووم، هەگبەیەکم لەگەڵ خۆم دەهێنا، کە تیایدا هەموو شەوێك دانەیەك لەو میوانەم تیادا هەڵدەگرت، کە لەگەڵ خواردندا پێشکەش دەکران. بۆیە لە کۆتایی هەفتەکەدا هەگبەکە پڕ دەبوو لە میوەی جۆراوجۆر، خێزانەکەم دەیانزانی کە من پاروویەك لەو خواردنە لادەدەم کە دەیخۆم بۆئەوەی ئەوان بەشدار بن تیایدا، لە دوای هەفتەیەك کە تیایدا لە کارو خوێندندا زۆر خۆم ماندوو کردبوو.

دایکم دەستە گەرمەکانی بە ناوچەوانمدا دەهێنا و دەیگووت «تەڵول: ئازیزم، تۆ هەموو ڕۆژێك ماندوو دەبیت لە ئێمە زیاتر پێویستت بە میوە هەیە».

باوکم بە شانازیەوە وەڵامی دایەوە «کوڕەکەت پیاوە ئەدیبە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم پیاوەتیە تیایدا گەورە دەبێت».

من خۆشحاڵ دەبووم کە خێزانەکەم لەو چەند دانە میوە کەمەدا بەشدار بن، هەمووان زۆر بە خۆشیەوە دەوریان ئەدام، بۆ ئەم دیاریە سادەیە، تەنها لەبەر ئەوەی ئەوان لەو میوانەدا تامی خۆشەویستی من بۆ ئەوانیان دەکرد.

# گەنجینەی دووەمم

**"کۆبوونەوەی بازووەکان نیشتیمان بنیات دەنێن و کۆبوونەوەی دڵەکان ناخۆشیەکان کەم دەکەنەوە"**

**پەندێکی سکۆتلەندی**

**ڕۆژی دەرچوونـم لـە زانکـۆ بـە واتـای ووشـە ڕۆژی دورینـەوە بـوو، دورینـەوەی ماندووبـوون و هـەوڵ و شـەونخونی و دووری لـە خێـزان، شـەوی پێـش دەرچوونـم لـە زانکـۆ نەمتوانـی بخـەوم، لـە کۆتایـدا خەونەکـەم بـەدی دێـت.**

**هاوڕێکانـم ئـەو شـەوە دەورییـان دام ولـە دانیشـتنێکدا ماڵئاواییمـان لـەو قۆناغـەی خوێنـدن کـرد کـە بـە خۆشەویسـتی و گونجانـەوە کـە تیایـدا بەشـدار بوویـن، یەکێکیـان بـە سـوعبەتەوە پێـی ووتـم «تـەلاڵ بڕوانامەکـەت لەکـوێ هەڵدەواسـیت؟»**

**یەکێکـی تریـان بـە پێکەنینـەوە ووتـی « وابزانـم تـەلاڵ دوای ئـەو هەمـوو هەوڵـە لـە دۆلابێکـدا دایدەنێـت و قفڵـی دەدات».**

**منیش بە بزەخەنەیەکەوە ووتم «بێگومان نا».**

**دەپرسن «ئەی چی لێدەکەیت؟»**

**منیـش خەیاڵـم بـۆ دوور دەڕوات و بـە دڵنیاییـەوە دەڵێـم « دەسـت دەکـەم بـە گـەڕان بـە دوای کاردا».**

هەموویان بە خۆشیەوە وتیان « ئەوە تەلاڵە کە هەوڵدان پیشەیەتی».

کاتێك بڕوانامەی زانكۆم گرت بە دەستمەوە، هەستم كرد كە گەنجینەی دووەمم دەست كەوتووە، گەنجینەی یەکەمم بەڵگەی تۆماری ئەو زەوییە بوو کە باوکم بە منداڵی دایمێ.

دەیان جار لە بڕوانامەکەم ڕامام، لە ناخم دا باوەڕێکی گەورە جێگیر بوو کە نەتەوەی عەرەب سەرلەنوێ ڕادەبێت بۆ ئەوەی سەرکردایەتی جیهان بکات، دەمزانی کە ئەم خەونە تەنها بە زانست بەدی دێت، وەك دایکم هەمیشە دەیووت.

لەدوای دەرچوونم لە زانكۆ چەندین داوای کارم لە چەندین کۆمپانیای جیاواز پێشکەش کرد، بەڵام هەموویان ڕەتکرانەوە، چونکە من تازە دەرچوو بووم، بەڵام چۆکم دانەنا و



بێزار نەبووم، بەردەوام بووم لە گەڕان بە دوای دەرفەتێکی گونجاودا ، تووشی نائومێدی نەبووم بەڵکو ئەو هەستەم زیادی کرد کە ئەم ڕەتکردنەوەیە لە ڕاستیدا قبوڵکردنە و ئەو ڕەتکردنەوانە ئەوەندە بێزاریان نەکردم بەقەدەر ئەوەی کە پاڵنەری هیوایان پێدەبەخشیم بۆ سەرلەنوێ پێشکەش کردنەوە.

تازە لە بازاڕ هاتبوومەوە کاتێك خێزانەکەم بە خۆشیەوە پێشوازیان لێکردم، باوکم بە شادیەوە ووتی « پیرۆزە کوڕم « دایکیشم ماچی کردم و ووتی « تەڵول پێم نەوتیت لە دوای ناخۆشی خۆشی دێت»، تێنەگەیشتم، سەیری هەردووکیانم کرد لە ڕوخساری خوشك و براکانمدا بەدوای وەڵامدا دەگەڕام، تا باوکم ووتی « یەکێك لە کۆمپانیاکانی کوەیت ڕازیبووە کە لەلای خۆی داتبمەزرێنێت، بەم هەواڵە خۆشحاڵ بووم، دەستم کرد بە پێچانەوەی جانتاکان بۆ گەشت و پشتم بە خودا بەست و نزام کرد کە کاری چاکم بۆ ئاسان بکات

بە ناخۆشیەوە ماڵئاواییم لە خێزانەکەم کرد، خوا حافیزیم لە باوکم کرد و بە ئازارەوە ووتی «ئێمەی فەلەستینی ئازاری جیابوونەوەی خۆشەویستانمان لە چارەمان نووسراوە»، ووشەکانی گەرم و بە ئازار بوون، دەستی باوکم و سەری دایکمم ماچکرد بەر لەوەی بەرەو کوەیت بکەومە ڕێ، نزای دایکم بەردەوام ئەو پاڵپشتە بوو کە وایلێکردم سەرلەنوێ بەرگەی غەریبی بگرم «خودا بتپارێزێت خۆشەویستم و کارت بۆ ئاسان بکات».

بە درێژایی کارکردنم لەو کۆمپانیایەدا، پەرۆشی ئەوە بووم کە باشترین نوێنەری وڵاتەکەم بم لە هەموو جێیەك و بەرگەی ناخۆشی و سەختی کارکردنم گرت، لەگەڵ گەرمی کەش کەپێی ڕانەهاتبووم، هەروەك چۆن پارەی پێویستیشم نەبوو تا ئامێرێکی فێنککەرەوە بکڕم، بۆیە بڕیارمدا کە سوود لە کاتی دوای کارکردن وەربگرم بۆ مانەوە لە نووسینگەی کۆمپانیا و کاتی زیاتر کار بکەم و کاری تری کۆمپانیاکە ئەنجام بدەم، تاوەکو تێچووی فێنککردنەوە لەسەرخۆم لابەرم.

دوای چەندساڵێك کۆمپانیاکەم بەجێهێشت، جێهێشتنی کارەکەم شتێکی ئاسایی نەبوو، چونکە کاتێك خەریکی کۆکردنەوەی شتەکانم بووم تا لە کۆمپانیاکە بڕۆم، سەیرم کرد

کۆمەڵێـك کارمەنـدی تـری کۆمپانیاکـەش شـتەکانیان پێچاوەتـەوە و بڕیاریانـداوە لەگـەڵ مـن بـڕۆن، هەوڵمـدا پەشـیمانیان بکەمـەوە چونکـە مـن نـە شـوێنی کارم هەیـەو نـە دەمتوانـی مووچەیـان بدەمـێ، بـەڵام ئـەوان سـووربوون و ووتیـان « ئێمـە بڕوامـان بـە توانـا و بیرۆکەکانـی تـۆ هەیـە و دەزانیـن کـە سـەرکەوتوو دەبیـت».

منیـش بـە شـانازیەکی زۆرەوە و ڕێزلێنانێـك لـەو پشـتگیریەیان ووتـم «مەبەسـتان ئەوەیـە پێکـەوە سـەردەکەوین؟».

دەسـتم بـۆ درێژکـردن و ئەوانیـش دەسـتیان خسـتە سـەر دەسـتم... بەڵـێ ئـەو دەسـتانەی کـە بەیەکـدا دەچـن سـەختە جیابکرێنـەوە.



# سەرەتای سەرکەوتنەکان

”ئەوەی هەوڵ بدات سەردەکەوێت“

پەندێکی عەرەبی

بە هەوڵی بەکۆمەڵ دەستمان بە کارکردن کرد، سەیارە ئاساییەکەم کردبوو بە نوسینگەیەکی گواستراوە، پاشان داوای یارمەتیم لە هەندێ هاوڕێ و ناسراو کرد وەك بەڕێز ((عەبدولعەزیز ئەلشەخشیر)) کە ژورێك لە ژورەکانی نوسینگەکەی خۆی دامێ تا کاری تێدا بکەم، هەروەها خاتوو (ماری حایك) ئاڵتوونەکانی خۆی دامێ تاوەکو لە پرۆژەکەمدا وەبەرهێنانی پێبکەم، هەروەها چەندین هاوڕێی تریش کۆمەکیان کردم و کاریان لەگەڵ کردم بێ ئەوەی موچەیان بدەمێ.

ئەو هاوڕێیانەم بەرپرسیارێتیەکیان خستە سەر شانم، منیش بڕیارمدا کە بێئومێدیان نەکەم، بەمەش چەندین سەرکەوتنمان بەدەست هێنا کە وایکرد ناوی کۆمپانیاکەمان لە ئاسمانی جیهانی بازرگانی و هزری و کۆمەڵایەتیدا بەرز بکاتەوە.

ژیان ئەوەی فێرکردم کە ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەین تەنها ڕێخۆشکردنە بۆ ئەوەی کە سبەینێ دەیکەین و تا چاومان لە پەرەسەندنی زیاتر بێت، هەروەها ئەوەی فێرکردم کە هەمیشە باوەڕم بە پرسەکەم هەبێت و پابەندبم بە خۆشەویستی بۆ خاکەکەم، بەرگریکردن لە نازنامە و پێشکەوتنی نەتەوە و وەرگرتنەوەی مافەکان تەنها بە چەك نابێت، بەڵکو بە باڵادەست بوون بەسەر دوژمندا لەڕێی زانست و هزر و ڕۆشنبیریەوە. لە ژیانمدا بەسەر چەندین کاتی سەخت و تاڵ تێپەڕیوم، نیشتیمان و جێی حەوانەوەم

و نیشتەجێم لەدەستداوە، شەونخونیم کێشاوە لەکاتێکدا هاوتەمەنەکانم خەوتوون، لە کاتێکدا کەسانی تر حەواونەتەوە، خوداش وای ویست کە دایك و باوکم کۆچی دوایی بکەن لە کاتێکدا خەریکی نزاکردن بوون بۆ سەرکەوتن و بەرزی من، هەموو ئەم قەیرانە نائومێدی نەکردم و ویستی کەم نەکردمەوە، بەڵکو هێز و وریایی و سووربوونی لەسەر سەرکەوتن زیاد کردم، بەر لە هەمووشتێکیش ماف گەڕانەوەم بۆ یافا و ماڵی منداڵیم، چونکە خانووی خێزانەکەم هێشتا لە ناوەڕاستی یافادا ماوە و شایەتی کارەساتەکەیە، هێشتا ناوی باوکم (حاجی تۆفیق ئەبو غەزالە) لەسەر دەرگاکەی هەڵکەندراوە، هێشتا کلیلەکەی لای بنەماڵەکەمە، دایکم کلیلەکەی لە سنگیدا هەڵگرتوە لەلای دڵی دا، لەسەر نوێنی نەخۆشی داوێیەتیە خوشکە گەورەکەم و ئێستا لای خوشکە بچووکەکەمە.



# ئەردەن دەروازەم بۆ جیهان

" ئەردەنی ئەو کەسەیە کە شکست قبووڵ ناکات بەڵکو بەرەنگاری ئەستەم دەبێتەوە و بەسەریدا زاڵ دەبێت، هاوڵاتیبوون ئەو شتەیە کە پێشکەشی ئەم نیشتیمانەی دەکەین، نەوەك ئەوەی لێی وەردەگرین"

خاوەن شکۆ شاعبدوڵڵای دووەم کوڕی حوسەین

((ئەردەن ئاراستەمە)) ئەوە ئەو شتە بوو کە بیرم لێکردەوە کاتێك ساڵی ١٩٩٠ خۆم ئامادەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە ڕەگەزنامەی خۆی پێبەخشیم کە شانازی پێوەدەکەم و کارکردن لە نوسینگەکەم لەوێ، بە ناچاری کوەیتم بەجێهێشت و دۆست و هاوڕێکان و دەوڵەتێکم بەجێهێشت کە خۆشم ویست و ساڵانی گەنجیم لەوێ بەسەر برد.

بە بڕوا بە خۆ بوونەوە بەخۆمم ووت «لە شکست ناترسم کاتێك دەمەوێت بچمە ناو هەوڵێکی نوێوە، چونکە ژیان لە سێ هەوڵێستدا کورت دەبێتەوە، ئەمە دەتوانم بیکەم و ئەمە ڕەنگە بتوانم بیکەم و ئەمە پێویستە بیکەم، چونکە من باوەڕم بە پەندێك هەیە کە دەڵێت «دەبێت پێی مرۆڤ لە خاکەکەیدا بچەقێت، بەڵام چاوەکانی پێویستە هەموو جیهان بدۆزێتەوە»، گەیشتمە ئەردەنی خۆشەویست، لێرەدا ناکرێت باس لە خاوەن شکۆ شا عەبدوڵلای دووەم کوڕی حوسەین نەکرێت، من تا ئێستاش لە بێ فیزی ئەو و مامەڵەی بەرزیی سەرسامم، کە ڕێزگرتنی خۆی بەسەر هەمواندا سەپاندوە، من

شانازی دەکەم کە سەر بە ئەردەنم و هەر لەوێش گشت سەرکەوتنەکانم بەدەست هێناوە و لە خاوەن شکۆ خوالێخۆشبوو حوسەین کوڕی تەلال فێری خۆشەویستی نیشتیمان و خەڵکەکەی بووم.

هەروەها لە خاوەن شکۆ شاعەبدوڵڵای دووەم کە شەرەفمەندی کردم بەوەی کە مەدالیای سەربەخۆیی پلە یەکی پێبەخشیم لە جەژنی سەربەخۆیی حەفتایەمی شانشینی ئەردەنی هاشمی، بەردەوام ئەوە بە خاوەن شکۆ دەڵێم کە لە کاتی بەخشینی مەدالیاکەدا پێی ووتوە:

گەورەم خاوەن شکۆ « من وەك پەنابەرێك هاتوومەتە ئەم وڵاتە و بڕیارم داوە کە کارەساتی ئازاری فەڵەستینیەکان بکەمە هۆکارەکانی حەسانەوە و هاوڵاتیبوونی ئەردەنی



بکەمە پەیامی خزمەت کردنی هەمووان، ئێوە نیشتیمانی دووهەمتان دا بە من کە شانازی پێوەدەکەم و فێری خۆشەویستی خەڵکەکەیتان کردم.... سوپاستان دەکەم».
هەموو ڕۆژێك کاتێك لە باڵکۆنیماڵەکەمەوە تەماشای فەڵەستینی نیشتمانی داگیرکراوم دەکەم دەڵێم «عەممان چەندە خۆشم دوێیت، فەڵەستین چەندە تامەزرۆی بینینتم».



# من مەیلم عەرەبیانەیە

**"ناسنامە بەش بەش ناکرێت و بە نیوە یا سێ یەك یا ناوچەی دابڕاو دابەش ناکرێت"**


**ئەمین مەعلوف**


**هاوڕێکەم تەلەفونی بۆ کردم و کات درەنگ بوو بەسەرسامیەوە ووتي «تۆ تا ئێستا کار دەکەیت؟»، منیش وەڵامم دایەوە «سەرکەوتن لەسەر سینیەکی ئاڵتوون پێشکەش ناکرێت، بەڵکو پێویستی بەهەوڵ و کارکردنە».**

**شەو و ڕۆژ کارم دەکرد، ساڵ لەدوای ساڵ تێدەپەڕی، ساڵانێکی درێژ ئەو خەونەم هێنایەدی کە بە منداڵی هەوڵم بۆ دابوو، ئەویش پێشخستنی مرۆڤی عەرەب بوو، بەمەش زنجیرەیەکی تەواوی کۆمپانیامان دروست کرد لە گشت جیهاندا کە ناوی ((گروپی تەلال ئەبو غەزالە)) ی هەڵگرتبوو، دروشمەکەی ئەوە بوو : (هەوڵی زیاتر دەدەین، تا لە پێشەوە بمێنین).**

**ئەمڕۆش:**
**کاتێك وێنە کۆنەکانی خێزانەکەم تەماشا دەکەم، یادەوەریەکان وەك ڕوبارێکی بەخوڕ بەناخمدا دەڕۆن، وێنەی ((ئەدیبە))ی دایکم کە هەموو کات نزای بۆ دەکردم و کە گوێم لە دەنگی دەبوو ئارام دەبوومەوە و دڵنیا دەبووم ((تەڵول خودا بتپارێزێت)) منیش بە نارەزاییەوە دەڵێم «دایە من گەورە بووم و تۆ هێشتا پێمدەڵێیت تەڵول!» ئەویش بە خۆشەویستیەوە دەڵێت «چەندە گەورە بیت تۆ هەر تەڵولی منداڵە خۆشەویستەکەمیت».**

وێنــەی ((تۆفیــق))ی باوکــم کــە بەدەســتەکانی هەڵیدەگرتــم دەمگەڕێنێتــەوە بــۆ پرتەقــاڵ لێکردنــەوە لــە بەرزتریــن لقــی درەختەکــە، باوکــم ئــەم ڕەفتــارەی منــی وا لێکدەدایــەوە کــە ئەمــە ڕەفتــاری ئــەو مرۆڤەیــە کــە چەنــدە ڕووبــەڕووی ســەختی ببێتــەوە خــۆی بەدەســتەوە نــادات، لــە پێنــاوی ئــەوەدا کــە بــگات بــە پلەیەکــی بــاڵا، ئــەم ووشــانەی وەك پێشــبینی لــە گوێمــدا دەزرنگایــەوە « تــەلال تــۆ پلــە و پایەیەکــی گــەورەت دەبێــت لــە ئاینــدە دا».
وێنەی ((یافا)) ش شەیدای هەمیشەیی بینینەوەیم لا دروست دەکات.





طلال أبوغزاله ١٩٥١

# پەیامێك

## بۆ ئێوە ئەی سەرکردەکانی دواڕۆژ

منیش هەروەك ئێوە منداڵ بووم و خەونم بە ژیانێکی ئارام و ئاسوودەوە دەبینی لە وڵاتەکەمدا بە جێگیری، بەڵام بارودۆخ وای خواست کە منداڵیی من لە هی ئێوە جیاوازتر بێت، بەڵام نەیتوانی کە بمبەزێنێت، بەڵکو سووربوونمی بۆ سەرکەوتن زیاتر کرد.

وێنەی خەون و ئاواتەکانتان بکێشن، ئێوە ئەمڕۆ منداڵن بەڵام دەبنە سەرکردەی سبەی و ئاڵاکان بە ئێوە بەرز دەبنەوە و ئێمەش پشتگیری خۆمانمان پێ بەخشین تا ئێوەش شکۆمان پێ ببەخشن.

دەست بە خەونەکانتنەوە بگرن، وەك چۆن من دەستم بە خەونەکانمەوە گرت، سەرەڕای سەختی دۆخ و ئازارەکانم، بەسەرکەوتوویی بەدیم هێنا بە پشتیوانی خودا و ڕەزامەندی دایك و باوکم خودا لێیان خۆش بێت، لەوەی کە خودا پێی بەخشیم بەخشیم بە کەسانی تر و ناوی وولات و نەتەوەکەم بەرز ڕاگرت.

ئەم پەیامەی خۆم پێشکەشی ئێوە دەکەم بەو هیوایەی کە سەرکەوتن لە ناو ئێوەشدا دووبارە ببێتەوە، نەك تەنها یەك نموونە بەڵکو بە هەزاران و ملیۆنان...
بیرتان بێت کە دەتوانن هەمیشە شتە سەختەکان بەدی بێنن و بە ویستی بەهێز و پشت بەستن بە خودا.

ئێمە ئێستامان پێشکەشکردن و چاوەڕێ دەکەین کە ئێوەش ئایندەمان پێشکەش بکەن.
با دروشممان بۆ بەدی هێنانی سەرکەوتن ئەمە بێت «هەوڵی زیاتر دەدەین تا لە پێشەوە بمێنینەوە و هەمیشە هەر لە پێشەوە بین».

هاوڕێتان: تەلال ئەبو غەزالە



## تەڵاڵی کوڕی ئەدیبە

### نووسەر لە چەند دێڕێکدا:

١. لە شانشینی ئەردەنی هاشمی لە عەممانی پایتەخت لە ١٧ ی نیسانی ١٩٨٧ لە دایك بووە.

٢. لە زانکۆی زانست و تەکنەلۆژیای ئەردەنی دەرچووە لە بواری ئەندازیاری کشتوکاڵیدا.

٣. پلەی زانستی لە خۆراکدانی کلینیکدا بەدەست هێناوە.

٤. لە بواری ڕۆژنامەی کاغەزدا بۆ چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەردەنی کاریکردووە.

٥. لە چەندین پێشبرکێی چیرۆکدا کاریکردووە و پلەی بەرزی تێدا بەدەست هێناوە.

٦. نووسەری چیرۆکە لە بواری چیرۆکی کوورتی ئاراستەکراو بۆ منداڵان لە بواری چیرۆکی کۆمەڵایەتی و ڕێنمایی، و کۆمەڵە چیرۆکێکی هەیە بە ناوی ( لە کاتژمێری خۆرئاوا بووندا)

طلال أبوغزاله

9 789957 559533 >

9 789957 559526 >

دوستان خردسال من

Talal